# حەزم لە مۆسیقایە



## شیعری منداڵان

بۆ تەمەنی (٣ بۆ ٥)ساڵان

د. هاوژین سڵیوه

ناوی کتێب: حەزم لە مۆسیقایە
بابەت: شیعری منداڵان ـ بۆ تەمەنی (٣ بۆ ٥)ساڵان
نووسینی: د. هاوژین سڵێوە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: توانا ئەحمەد
چاپخانەی:
چاپی یەکەم ٢٠٢١
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٧٨١)ساڵی (٢٠٢١)پێدراوە.

# مۆسیقا

حەزم لە مۆسیقایە
سۆزی دایکمی تیایە
ژیانم زۆر خۆش دەکا
فێرە هێمنیم دەکا.



# کەروێشک

کەروێشکەکەم زۆر ژیرە
سپییە هەروەکو شیرە
لای دادەنیشم کەمێ
نان و ئاوی دەدەمێ.



# ئاو

دایکم وتی: تینوومە
باوکم وتی: تینوومە
من چووم ئاوم بۆ هێنان
خواردیانەوە هەردووکیان.



# چۆلەکە

چۆلەکە جوانە
لە باخچەمانە
برنجی دەدەمێ
ئاوی دەدەمێ
دواتر دەخەوێ
زۆرم خۆش دەوێ.



# خۆرەتاو

خۆرەتاو جوانە
وا لە ئاسمانە
ڕووناکیمانە
وەک گڵۆپمانە.



# ماست

من ماست دەخۆم، ماست دەخۆم
زۆر خۆشە بۆیە دەیخۆم
دەیخۆم بەهێزم دەکا
خێرا گەورەشم دەکا.



# گوڵ

باخچەکەمان پڕ گوڵە
پڕ پەپوولە و بولبولە
پەپوولە و بولبول دەفڕن
بەرە و ئاسمان باڵدەگرن.




# ئاسمان

هەور وا لە ئاسمانە
بۆیە ئەمڕۆ بارانە
باران بەسوودە بۆمان
ئاودەدا درەختیماڵمان.



# مێرووله

بینیم له حەوشەی ماڵمان
مێروولەیەکی زۆر جوان
دەنکە گەنمێکی بەدەم
دەیگوت بۆخۆمی دەبەم.



# خاڵخاڵۆکە

سوور و ڕەش خاڵخاڵۆکە
هێندەی یەک دەنکە نۆکە
دەیخەمە سەر لەپی دەست
با بفڕێ بۆ جێی مەبەست.



# تۆپ

حەزم لە تۆپتۆپێنە
خێرا ئەو تۆپە بێنە
با پێکەوە یاری کەین
هەست بە خۆشی و شادی کەین.



# بوکەکەم

بوکەکەم ناوی ژینە
زۆر جوانە تۆ بیبینە
سەیری کە چەند ماندووە
یاری کردووە و خەوتووە.



# ئاوێنە

سەیری ئاوێنە دەکەم
قژی خۆم شانە دەکەم
دەست و چاوم جوان دەشۆم
ئاسوودە دەبم بۆ خۆم.



# تاتی تاتی

خوشکەکەم تاتی تاتی
بۆلای من بەخێرهاتی
بەو قاچە بچکۆڵانە
پێڵاوەکەت چەند جوانە



# دایکم خۆشدەوێ

من دایکم زۆر خۆش دەوێ
لەلام دەخەوێ شەوێ
هەموو ڕۆژ ماچم دەکا
خواردنی خۆشم بۆ دەکا.



# پشیلەکەم

پشیلەکەم زۆر جوانە
هاوڕێی گشت منداڵانە
پشەکەم دەکا میاو
من دەیدەمێ نان و ئاو.



# دوو چۆلەکەی جوان

دوو چۆلەکەی زۆر جوان
لەسەر داری حەوشەمان
پێکەوە دەیانجریواند
بەچکەکەیان دەخەواند



# کێک و شیر

ماست و کێک و شیر
هەنگوین و پەنیر
باوکم دەکڕێ بۆم
ڕۆژانە دەیخۆم.



# کەو

کەوەکەم ڕەنگاوڕەنگە
گەرووی پڕ لە ئاهەنگە
وەی چەند خۆشە ئەو دەنگە.



# باخچەی ئاژەڵان

چومە باخچەی ئاژەڵان
پڕبوو لە ئاژەڵی جوان
تاوس و کەو و کۆتر
مەیموون و زۆر شتی تر.



# گوڵ

لەبەردەرگای ماڵمان
ڕوواوە دوو گوڵی جوان
هەموو ڕۆژ ئاویان دەدەم
بە لوتم بۆنیان دەکەم



# باخچەی منداڵان

دەچمە باخچەی منداڵان
فێردەبم زۆر شتی جوان
کاتێ گۆرانی دەڵێم
مامۆستا خۆشی دەوێم.

